ئازادکردنی ٢١٩٥ زیندانی لە مانگی حوزەیران... لەبوردنی گشتی لە پەشەنگی هەکارەکانی ئازادکردنەوەدایە



وەزارەتی دادی عەراق ئەمە چوارشەممە ڕایگەیاند، کە ژمارەی ئەو زیندانیانەی ئازادکراون، گەیشتوەتە دو هەزار و 195 زیندانی لە بەغدا و پارێزگاکانی دیکە.

وەزارەتی دادی عەراق لە بەیاننامەیەکدا کەدەستی موتەبع کەوتووە باسی لەوەکردوە، "375 زیندانی بە مەرجی ئازادکردن، بە بەیاری ئیختیاری، یان لەگەڵ تەواوبونی سزاکەیان ئازادکراون، لەکاتێکدا 1819 زیندانی بەپێی یاسای لەبوردنی گشتی ئازادکراون".

ئاماژەی بەوەشکردوە، دەزگای چاکسازی بەردەوام چاودێری میکانیزمی ئازادکردنی زیندانیان دەکات دوای تەواوکردنی سەرجەم ئەکارە یاساییەکان، لەپاڵ پابەندبونی بە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی بەپێی چوارچێوە یاساییەکان و بە بەرزترین ئاستی پیشەیی.